گوتەرێس جەختیکردەوە لە پێویستی بەرزکردنەوەی هاوکارییەکانی نێوان عێراق و نەتەوەیەکگرتووەکان

سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەنتۆنیو گوتەرێس، جەختی لە پێویستی بەهێزکردنی هاوکارییەکانی نێوان عێراق و نەتەوەیەکگرتووەکان لە روبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکان کردەوە.

وەزارەتی دەرەوە لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە: جەگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە فوئاد حسێن، لە پەراوێزی سەردانەکەی بە نیویۆرك لەگەڵ سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەنتۆنیو گوتەرێس کۆبوونەوە تایبەتی ئەمینداری گشتی پێشوازی لە وەرگرتنی پێستی سەرکایەتی گروپی 77 و چین لەلایەن عێراقەوە کرد و پیرۆزبایی لە وەزیر کرد.

بەگوێرەی بەیاننامەکە، گوتەرێس جەختی، لە گرنگی گروپەکە وەك هاوبەشێکی ستراتیژی لە پاڵپشتیکردنی کارنامەی لوتکەی داهاتوو کردەوە و هەروەها ستایشی ئەوەی لە پێشخستنی گەشەپێدانی بەردەوام و تواناسازی وەاتانی تازەپێگەیشتو کرد بە بەدەستهێنانی پێشکەوتن لە بوارە جیاوازەکاندا.

تەئکیدیشیکردەوە: لە پێویستی بەرزکردنەوەی هاریکاری نێوان عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان بە ووبەووبوونەوەی ئاڵنگارییە هاوبەشەکان و بەرزکردنەوەی پێگەی عێراق لەسەر گەڕەپانی نێودەوەتی.

لای خۆیەوە فوئاد حسێن، سوپاسی خۆی بە ئەمینداری گشتی دەربڕی بە هاوکارییە بنیاتنەرەکانی لەگەڵ عێراق، هەروەها ستایشی هەوڵەکانی نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە هاوکاری عێراق (یونامی) و

دستکوتکانی لە ماوەی ئابردوودا کرد.